# ڤاكسین دژی كۆڤید ١٩ بۆ ئەو كەسانەی كە تەمەنیان ١٢ – ١٥ساڵە لە ڤێرملاند

لە سەرەتای مانگی ١١ لە ڤێرملاند دەستدەكرێت بە كوتان دژی كۆڤید ١٩ بۆ ئەو كەسانەی كە تەمەنیان لە نێوان ١٢ بۆ ١٥ ساڵە. ڕێكخراوی تەندروستی جیهانی پێشنیازی كۆتانی منداڵانو لاوان دەكات لە تەمەتی ١٢ ساڵیەوە. منداڵەكە دەبێت ١٢ ساڵی پڕكردبێتەوە تاوەكو بتوانێت ڤاكسینەكە وەرگرێت. ئەوانەی كە تەمەنیان نەبووەتە ١٢ ساڵ پاش ماوەیەكی تر و لە كاتێكی تردا ڤاكسینیان پێدەدرێت.

كوتان دژی كۆڤید ١٩ دڵخوازانەیەوە بە خۆڕاییە.

## قوتابخانەكە زانیاری دەدات

قوتابخانەكە زانیاری دەدات سەبارەت بە كاتو شوێنی كۆتان دژ بە كۆڤید ١٩.  ئەو كەسانەی كە ناڕۆنە قوتابخانەی بنەڕەتی دەتوانن تەلەفۆن بكەن بۆ 010-8318070 بۆ كات گرتن.

## ڕەزامەندیو ڕوونكردنەوەی باری تەندروستی پڕبكەوە

فۆرمی پڕكراوەی ڕوونكردنەوەی تەندروستی لە لێنكی **فۆڕمی ڕەزامەندی**
و **ڕوووونكردنەوەی باری تەندروستی** پڕكەوەو بیخەرە ناو زەرفێكی سە رداخراوەوەو بە زووترین كات بینێرە بۆ بۆ پەرستاری قوتابخانەكە. ئەو منداڵانەی كە تا ئێستا ١٢ ساڵیان پڕ نەكردۆتەوە هەر لە ئێستاوە دەتوانن ڕەزامەندیو ڕوونكدنەوەی باری تەندروستیان بدەن.
پەرستاری قوتابخانەكە زەرفەكە ئەكاتەوەو سەیر ئەكات تاوەكو بزانێت هەموو شتێك تەواوە بۆ ئەوەی ڤاكسین كوتانەكە بەشێوەیەكی باش بەڕێوە بڕوات. هیچ فەرمانبەرێكی تر لە قوتابخانە ئەو زانیاریانە نابینێت. هێچ زانیاریەكیش سەبارەت بە ڤاكسینەكە هەڵناگیرێت لە قوتابانەكەدا دوای ئەوەی كە ڤاكسینەكە لێبدرێت.

## فۆڕمی ڕەزامەندی

ڕەزامەندی هەریەك لە دایكو باووك پێویستە بۆ ئەوەی منداڵ ڤاكسینەكە وەرگرێت. لە هەندێك بارودۆخدا منداڵەكە خۆی ئەتوانیت بڕیاری وەرگرتنی ڤاكسینەكە بدات. ئەو كەسەی كە ڤاكسینەكە دەدات هەڵسەنگاندنی تایبەت بۆ ئەو منداڵە ئەكات بۆ ئەوەی بزانێت ئەو منداڵە ئەوەندە پێگەیشتووە تاوەكو خۆی بڕیار بدات بۆ وەرگرتنی ڤاكسینەكە، ئەمەش پێیدەوترێت هەڵسەنگاندنی پێگەیشتویی. بە پلەی یەكەم هەڵسەنگاندنی پێگەیشتویی بۆ ئەو منداڵانەیە كە تەمەنیان ١٥ ساڵە وەیان گەورەترن.

## ڕوونكردنەوەی باری تەندروستی

فۆرمی ڕوونكردنەوەی باری تەندروستی پڕ بكەوە بەزووترین كات بیدە بە قوتابخانە. ئەوە كەسەی كە وولامی پرسیارێكی بە بەڵێ دابێتەوە لە فۆڕمی  ڕوونكردنەوەی باری تەندروستیدا پێویستە پەیوەندی بكات بە ڕێگیون ڤێرملاند بە ژمارە تەلەفۆنی 010-8318070 تاوەكو  هەلسەنگاندن بۆ باری تەندروستی نەخۆشی بۆ بكەن پێش وەرگرتین ڤاكسینەكە. ئەگەر ڕاوێژكاری تەندروستی پێی ووتی منداڵەكەت دەتوانێت ڤاكسین وەرگرێت لە قوتابخانە ئەو كات لەو فۆرمی ڕوونكردنەوەی باری تەندروستیدا بینوسە كە دەیدەیت بە قوتابخانە.

## كۆتان بۆ سەرپەرشتیاران

ئەو سەرپەرشتیارانەی كە ڤاكسینیان وەرنەگرتووە دەتوانن لە هەمان كاتدا ڤاكسین وەرگرن بەڵام دوای دەوامی قوتابخانە.  زانیاری تازە سەبارەت بەكاتو شوێن بەبەردەوامی دادەنرێت لە ماڵپەڕی 1177.se
قوتابخانە ئاگادار بكەوە ئەگەر ئەتەوێت وەكو گەورەساڵێك بێیت بۆ ڤاكسین وەرگرتنی منداڵەكەت.

[Skriv text]

1177 VÅRDGUIDEN | Region Värmland